# پلانی زمانی و هەنگاوەکانی پاراستنی زمانی کوردی

هەژار حوسێن والی، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی چەرموو، هەرێمی کوردستان – عێراق.

hazhar.wali@charmouniversity.org

مستەفا ڕەزا مستەفا، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی چەرموو، هەرێمی کوردستان – عێراق.

Mustafa.mustafa@charmouniversity.org

## پوختە

توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆ بابەتێکی گرنگ و هەستیاری ئەم قۆناغەی زمانی کوردی تەرخانکراوە، کە تیایدا هەوڵدراوە تیشکبخرێتەسەر گرنگترین ئەو ڕێکارو هەنگاوانەی، کە لە ئێستاو داهاتوودا وادەکەن زمانی کوردی بە ئاڕاستەیەکی ڕاست و دروستدا بڕوات و ئاسۆی دوارۆژی دیارو ڕووناک بێت.

بە بڕوای توێژەران بارودۆخی هەنووکەیی زمانی کوردی بارودۆخێکی ساخڵەمەو جێی ئومێد نییە، ئەمەش بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە هەژموونی زمانانی بێگانە لەسەر زمانەکەمان و بێپلانی و نەبوونی سیاسەتێکی زمانیی وردی پێشتر هەڵسەنگێنراو لەلایەن خەڵکانی کاربەدەست و لایەنی پەیوەندیدارەوە هەیە. هەربۆیە کارکردن لەم بوارەداو خستنەڕووی مەترسییە هەنوکەیی و پێشبینیکراوەکان لەسەر زمانەکەمان و تیشکخستنەسەر ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ئەم بابەتە بەپێویستزانرا. هاوکات هەوڵدراوە ئاریشەو ئاستە_ نگەکانی بەردەم گەشەسەندنی زمانی کوردی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبوونی پلانی زمانی بخرێتەبەردەم خەمخۆران و توێژەرانی بواری زمانەوانی بەشێوەیەکی گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی، بۆئەوەی بە هەمووان بتوانرێت دەلاقە و دەرچەی ڕزگاربوونی زمانەکەمان بکرێتەوەو زمانی کوردی بگەیەنرێتە کەنارێکی ئارام.

کلیلە وشە: پلانی زمانی، زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن، زمان و کۆمەڵ، زمان و شارشتانییەت، زمان و شوناسی نەتەوەیی.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی "پلانی زمانی و هەنگاوەکانی پاراستنی زمانی کوردی"یە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چەند هەنگاوێکی گرنگ و پێویست بۆ پاراستنی زمانی کوردی. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕێکارەکانی پاراستنی زمانی کوردی لە هەژموونی زمانە بێگانەکان و پەراوێزخستنە ناوخۆییەکان بخرێتەڕوو. ئەمەش بەپێی پلانی زمانی و لەڕێی خستنەڕووی چەند هەنگاوێکی گرنگەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن، زمان و کۆمەڵ، زمان و شارستانییەت، زمان و شوناسی نەتەوەیی، پلانی زمانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەییەوە قسەیان لەسەرکراوە. لە بەشی دووەمیشدا، کە کرۆکی کارەکەی ئێمەیە، گرنگترین ئەو هەنگاوانەی، کە پێویستن بۆ پاراستنی زمانی کوردی، لە چوارچێوەی پلانێکی وردی زانستیدا خراونەتەڕوو. لەم بەشەدا لەبەرئەوەی زیاتر هەنگاوەکان بۆچوون و دیدی توێژەرانن بۆ پاراستنی زمانەکە، کەمتر پشت بە سەرچاوە بەستراوە.

هاوکات لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی "پەسنی شیکاری" پەیڕەوکراوە، لەبەرئەوەی کێشەو گرفتەکانی ئێستای زمانی کوردی و هەنگاوەکانی پاراستن و ڕزگاربوون لەو گرفتانە خراونەتەڕوو. پاشان شیکردنەوەیان بۆکراوەو هەوڵدراوە ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

## بەشی یەکەم: زمان و بابەتە پەیوەستەکان پێیەوە

### ١/١) زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن:

کاتێک، کە پرسیاری ئەوە لە یەکێک دەکەین زمان چییە؟ لەوەیە ڕاستەوخۆ بەو شێوەیە وەڵامماندانەوە، کە زمان بۆ پەیوەندیگرتنە لە نێوان مرۆڤەکاندا، واتە بە شێوەیەکی ئاسایی و گشتی، وا لە زمان دەڕوانرێت، کە ئەبزاری پەیوەندیکردنە. ئەمە لە ڕووە دیارەکەیەوە ڕاستە، چونکە زمان لە بارە ئاساییەکەیدا، ئەو کەناڵەیە، کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە بیرەکانی خۆی پێدەگوازێتەوە بۆ بەرانبەرەکەی، واتە وەسیلەو هۆی دروستکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە، چونکە تاکەکان بۆ ئەوەی دابڕاو نەبن لە نێو پرۆسەو کایە کۆمەڵایەتییەکانداو بتوانن پەیوەندیبگرن لەگەڵ یەکدیدا، بە خورتی پێویستیان بە زمان دەبێت.

"باسکردنی زمان بەبێ باسکردنی کردەی پەیوەندی_لەیەکگەیشتن، نابێت. زمانەوانەکان زۆرباش درکیان بەم ڕاستییە کردووە. هەروەک (لاینز Lyons) دەڵێت: ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە، کە زمان هۆکارو ئامرازی کردەی پەیوەندی_ لەیەکگەیشتنە"(بڕوانە: حەمەغەریب: ٢٠١٤: ٥٩).


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

زمان پێڕەوێکی کۆدیی ڕێکخراوە، لە ئەنجامی پێڕەوکردنی یاساو ڕێسا زمانییەکان و ڕۆنانی یەکەی گەورەتری زمانی، مرۆڤ دەتوانێت بیرەکانی خۆی بخاتەسەر زنجیرەی دەنگ/ پیت لە هەردوو پرۆسەی قسەکردن و نووسیندا، یاخود هەر پرۆسەیەکی دیکە، کە خۆی هەڵیبژێرێت. زمان وەک دەزگایەکی سیستەماتیک و پێڕەوبەند، کە لە چەندین ئاست و یەکەی جیاواز پێکهاتووە، ڕۆڵی ئامێرێک/ مەکینەیەک دەگێڕێت، تا مرۆڤ/ مرۆڤەکان بتوانن سەرجەم بیرو پێویستییەکانی خۆیان(حەزوئارەزوو، پێداویستی، بیرۆکەکان،... هتد) پێبگوازنەوە بۆ بەرانبەر/ بەرانبەرەکانیان. بەکارهێنانی ئەم مەکینە گەورەو ئاڵۆزەش(زمان) لە نێو پرۆسەیەکی گرنگی وەک پرۆسەی (پەیوەندیکردن – Communication)دا دەبێت.

کەواتە پرۆسەی پەیوەندیکردن "ئاماژەیە بۆ کردەی ناردن و وەرگرتنی زانیاری<<پەیامێک>> لە نێوان سەرچاوەو وەرگردا، بە بەکارهێنانی پێڕەوی هێما. یاخود پەیوەندیکردن گواستنەوەی واتایە لە هزری کەسێکەوە بۆ هزری کەسێکی دیکە"(حەمەغەریب: ٢٠١٤: ٥٩)و (Knapp & Hall :2002).

زمان گرنگترین ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایەو بەبێ زمان پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکاندا دروستنابێت، بەبێ پەیوەندیکردنیش کۆمەڵگا پێکنایەت. مەبەست لە زمانیش تەنها زمانی ئاخاوتن نییە، بەڵکو هەر دەنگ و ئاماژەو جوڵەیەک، کە ببێتەهۆی گواستنەوەی پەیام لە نێوان قسەکەرو گوێگردا بە ئامرازی پەیوەندیکردن دادەنرێت. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیکردن دوو جۆری هەیە، کە ئەوانیش پەیوەندیکردنی گوتەیی و پەیوەندیکردنی ناگوتەیین. "پەیوەندیکردن پەیوەستە بە:

١- بەکارهێنانی سیستەمێکی هێمایی هاوبەش، کە خەڵک لەسەر بەکارهێنانی هێمای دیاریکراو ڕێککەوتوون، کە هەڵگری واتان بۆ شتە دیاریکراوەکان. بە دەربڕینێکی دیکە پێویستە هێماکان هەڵگری واتای تایبەتی بن، کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە ناسراون.

٢- پەیوەندیکردن پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕکردنی واتا. تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی ئەو هێمایانەی لە سەری ڕێککەوتوون و ڕاهاتوون، بۆ تێگەیشتنی نێوانیان بیرۆکەو زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن و پەیوەندی دروستدەکەن"(بڕوانە: عەبدولڕەحمان: ٢٠٠٩: ٢٢-٢٣).

## ٢/١) زمان و کۆمەڵ:

زمان و کۆمەڵ دووانەیەکی تەواوکەری یەکترن و نە زمان بەبێ کۆمەڵ دەبێت و نە کۆمەڵیش بەبێ زمان. لە کوێ مرۆڤ هەبووبێت، زمانیش هەبووە، هیچ کۆمەڵێک نەبووەو نەدۆزراوەتەوە، کە زمانی تایبەت بە خۆی نەبووبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین زمان گرنگترین و سەرەکیترن هۆکاری کۆبوونەوەی مرۆڤەکان و دروستبوونی


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

کۆمەڵگایە. گەر زمان بەو ئەندازەیە بۆ کۆمەڵ گرنگ بێت، ئەی ئەگەر گریمانەی ئەوە بکرێت، کە زمان لە کۆمەڵ وەربگیرێتەوە، ئەوکات چی ڕوودەدات؟

دەوترێت لە ڕۆژگاری دێریندا هەموو مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی بە یەک زمان قسەیان دەکرد، ئەم مرۆڤانە بۆئەوەی خۆیان لە دابەشبوون بپارێزن و بتوانن لە شوێنێکدا پێکەوە بژین، بڕیاریاندا شارێک دروستبکەن، کە بیناو باڵەخانەکانی ئەوەندە بەرزبن، کە جێگەی هەموویانی تێدا ببێتەوە. کاتێک خودا ئەم کارەی مرۆڤەکانی بینی، پێی سەرسامبوو، هاوکات بەخۆی گوت: ئەم مرۆڤانە، کە بتوانن بینای بەو ئەندازە بەرزە دروستبکەن، کە بەسەر ئاسمانەکانەوە بێت، ئەوا توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکیان هەیە. هەربۆیە خودا کارێکی کرد، کە چیتر مرۆڤەکان لە زمانی یەکتر نەگەن. بەمەش مرۆڤەکان دووبەرەکی لە نێوانیاندا دروستبوو، لە ئەنجامیشدا دابڕان لە یەکتری و لەسەر ڕووی زەوی بڵاوبوونەوە. ئەم داستانە لە بابی دوازدەیەمی (تەورات)دا هاتووەو بە داستانی (بورجی بابل) ناسراوە(باتنی: ٢٠١٢: 11).

ئەگەرچی دەکرێت ئەم داستانە تەنها وەک ئەفسانەیەک ببینرێت، بەڵام ڕاستییەکی ڕوون و گرنگ دەربارەی زمان دەخاتەڕوو، بەوەی کە زمان داینەمۆی جوڵەو بەردەوامی ژیانەو بە ئەندازەی پێویستییە فسیۆلۆژییەکان بۆ مرۆڤ و تاکەکانی کۆمەڵگا پێویستە. هەربۆیە ئەگەر زمان لە کۆمەڵ بسەندرێتەوە، ئەوە گریمانەوی ئەوە دەکرێت، کە کۆمەڵ قۆناغ بە قۆناغ بۆ دوواوە بگەڕێتەوەو بگاتەوە بە قۆناغەکانی سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگا.

زمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئامێرێکی کۆمەڵایەتییە*، هەربۆیە بوونی شارەزایی لە پێڕەوی دەنگی و ڕێزمانی زمانێک و زانینی وشەکانی فەرهەنگی زمانەکە، مانای فێربوونی ئەو زمانە ناگەیەنێت، چونکە گەر کەسێک ئاگاداری

---

* کاتێک، کە دەوترێت زمان ئامێرێکی کۆمەڵایەتییەو پەیوەستە بە کۆمەڵەوە، ئەمە بەو مانایە نایات، کە زمان بە تەواوەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێت و هیچ بنەمایەکی بۆماوەیی و بایلۆژی نەبێت، وەک ئەوەی فەیلەسووفە ئەزموونگەراکان و دەروونناسە ڕەفتارییەکان و زمانەوانە بوونیادگەرە ئەمریکییەکان باوەڕیانوابوو. ئەوان (فەیلەسووفە ئەزموونگەراکان و دەروونناسە ڕەفتارییەکان و زمانەوانە بوونیادگەرە ئەمریکییەکان) بەڵگەکانیان بۆ کۆمەڵایەتی بوونی زمان (بە تەواوەتی) ئەوەبوو، کە:

١- کۆمەڵگا جیاوازەکان بە شێوەیەکی گشتی زمانی جیاوازیان هەیە. ئەم زمانانە لەڕووی فەرهەنگ و ڕێزمان و تایبەتمەندیی دەنگی لەگەڵ یەکتردا جیاوازن.

٢- منداڵ لەهەر کۆمەڵگایەکدا لەدایکببێت، زمانی ئەو کۆمەڵگاو ژینگەیە وەردەگرێت، وەک چۆن لە تەمەنێکی دیاریکراودا بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بگوازرێتەوە، زمانی کۆمەڵگا نوێیەکە بە ئاسانی فێردەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە منداڵ زمانی خۆی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە وەردەگرێت.

لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا (بۆچوونی کۆمەڵایەتی بوونی زمان بە تەواوەتی) کۆمەڵێک زانا لەوانە (نوام چۆمسکی)ی زمانەوان، (ئەریک لینبێرگ)ی زیندەوەرناس، (ڕۆجێر براون)و (جۆرج میلەر)ی دەروونناس پێیانوایە زمان خاوەنی بنەمایەکی سروشتییە، کە لە ڕێگەی گەشەکردنی مرۆڤەوە لە ماوەی چەندین سەدە بەدەستهاتووەو لە کاتی لەدایکبووندا لە هۆشی هەر منداڵێکی مرۆڤدایە. ئەو زمانەی، کە منداڵ لە کۆمەڵگاکەی خۆیەوە فێری دەبێت، وەکو سەرخانێک وایە، کە لەسەر ئەو بنەما بایلۆژییە بنیاتدەنرێت. بەڵگەکانیان بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچوونەیان، بریتیبوو لە:



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

کولتوورو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە نەبێت، کە زمانەکەی تیادا بەکاردێت، ئەوا وەک پێویست دەسەڵاتی بەسەر زمانەکەدا ناشکێتەوەو زۆرترین هەڵەش لە بەکارهێنانی دروستەو دەربڕینە چەسپاوەکاندا دەکات.

دوای ئەوەی کۆمەڵناسی لەلایەن (دۆرکهایم)ەوەو زمانەوانیش لەلایەن (سۆسێر)ەوە بوون بە زانستی سەربەخۆ، ئەمە وایکرد چیتر وەکو بابەتێکی لاوەکی لە چاوچێوەی زانستی دیکەدا، لە زمان نەکۆڵرێتەوە. بەڵکو گرنگی بەو پەیوەندییە درا، کە لە نێوان ئەم دوو زانستەدا هەیە، ئەمەش وایکرد لقێکی نوێی زمانەوانی بە ناوی (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی)، یان (کۆزمانەوانی) سەرهەڵبدات(موحسین: ٢٠٠٨ :١١٣).

کەواتە کۆزمانەوانی "ئەو زانستەیە، کە پەیوەست بە کۆمەڵەوە لێکۆڵینەوە لە زماندا دەکات و لایەنەکانی زمان و ڕێگاکانی بەکارهێنانی، کە پەیوەندیدارە بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە ڕێکدەخات"(بڕوانە: فەرەج:٢٠١١: ١٣). بە واتایەکی تر ئەو لقەی زمانەوانییە، کە لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەکۆڵێتەوە.

هەرچەندە پەنابردنەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ لێکدانەوەی هەندێک دیاردەی زمان لە کۆنەوە لەئارادابووە، بەڵام لە سییەکانی سەدەی ڕابووردووەوە، لە کارەکانی (مالینۆفسکی و فێرس)ەوە زیاتر قسە لەسەر زمان و کۆمەڵ و کاریگەرییان لەسەر یەکتری کراوەو ئەم ئاراستەیە لە زمانەوانیدا سەری هەڵداوە. لە ڕوانگەی زانستی

---

١- کاتێک منداڵ زمانی دایکی فێردەبێت، لە ڕاستیدا کۆمەڵێکی سنوورداری یاسا فێربووە، کە دەتوانێت بە یارمەتی ئەو یاسایانە کۆمەڵێکی بێسنوور ڕستە بەرهەمبهێنێت. ئەمە لە کاتێکدایە ئەگەر بۆچوونی ڕەفتارگەراکان ڕاستبووایەو زمان بە تەواوەتی پەیوەست بووایە بە ئەزموون و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوە دەبوو هەموو کەسێک یەک بە یەکی هەموو ئەو ڕستانەی، کە دەیڵێت پێشتر بیستبێتی و فێری بووبێت و لەبەریکردبێت. ئاشکراشە شتێکی لەم چەشنە نە دەگونجێت و نە واقعیش پشتڕاستی دەکاتەوە.

٢- بنەما هاوبەشەکانی نێوان زمانەکان (بنەماکانی ڕێزمانی جیهانی): بە بڕوای چۆمسکی هەموو زمانەکانی جیهان خاوەنی پێکهاتەیەکی سەروو و پێکهاتەیەکی خواروون (دروستەی ڕووکەش و دروستەی قووڵ)، پێکهاتە سەرووەکان بە شێوازی جیاواز دەردەکەون، بەڵام پێکهاتەی خوارووی زمانەکان، کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەیەکی بەدەنی و هزری مرۆڤە، تاڕادەیەک لە هەموو زمانەکاندا وەکیەکە (یەکسانە).

٣- وەکیەکی و چۆنیەکی قۆناغەکانی زمانپژان لای منداڵ: لە هەموو شوێنێکدا منداڵ کاتێک یەکەم وشە گۆدەکات، کە تازە کەوتبێتە سەرپێ، واتە لە نێوان (١٠-١٢) مانگی. لە هەموو شوێنێکدا منداڵ زیاتر هەڵوێستی بەرانبەر بە ئاوازی وشە هەیە، تاوەکو واتاکەی (واتای وشەکە). لە هەموو شوێنێکدا تێگەیشتنی زمانی منداڵ پێش لایەنی ئاخاوتنی دەکەوێت. لە هەموو شوێنێکدا منداڵ ئاخاوتن بە وشەی تاک دەستپێدەکات، لە دەوروبەری (٢)ساڵیدا دەچێتە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوەو دەستدەکات بە بەرهەمهێنانی ڕستەی دوو سێ وشەیی.

٤- سنووورداری زەمەنی زمانوەرگرتن لەلای منداڵ: (لینبێرگ) لە کتێبەکەیدا (بنەما سروشتییەکانی زمان) بەڵگەیەکی زۆر دەخاتەڕوو، کە دەریدەخات قۆناغی زمانوەرگرتن لە نێوان (٢-١٢)ساڵیدا سنوورداربووە، واتە منداڵی مرۆڤ پێش دوو ساڵی ناتوانێت لایەنە سەرەکییەکانی زمان فێرببێت، هەروەها ئەگەر بەهەر هۆکارێک تاوەکو دوانزە ساڵی زمان فێرنەبێت، ئەوا بۆ هەتاهەتایە ئەگەری فێربوونی زمان لەدەستدەدات.

لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین، کە زمان هەم دیاردەیەکی بۆماوەیی_ بایلۆژییە، هەم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. بە واتایەکی تر زمان بنەمایەکی بۆماوەیی و بایلۆژی هەیە، بەڵام کارابوونی لە کۆمەڵگادا دەبێت. بڕوانە: (باتنی: ٢٠١٢)و (باتنی: ٢٠١٥).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

زمانی کۆمەڵایەتییەوە زمان بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕەفتارێک لە نێوان سەدان ڕەفتاردا، کە لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان، بە پێی باری کۆمەڵایەتی، یان بۆنەی قسەکردن هەڵیان دەبژێرێت. هەر لە ڕوانگەی کۆزمانەوانەکانەوە زمان کۆمەڵێک شێوازی جۆراو جۆرە، کە هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەستدەدات(فەتاح: ١٩٨٦)، (عەلی و قادر: ٢٠٠٧: ٢٨).

## ٣/١) زمان و شارستانییەت:

زمانەوانێکی دیاری وەک (ساپیر) دەڵێت: زمان وادەکات، کۆمەڵگا بە ڕێگەیەکی دیاریکراو بیربکاتەوەو هەڵسوکەوت بکات. کەواتە ئەوە زمانە، کە بیری ئێمە، کولتوورو شارستانییەتی ئێمە بۆ نەوەی داهاتوو دەنەخشێنێت و بۆ بەرانبەرەکانیشمانی دەگوازێتەوە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایەیە، کە پێویستە ئێمە ڕەنگڕێژو نەخشەی زمانیی داهاتوومان بە باشترین شێوە نیگاربکەین و لە کاروانی شارستانییەت و گۆڕانە بەردەوامەکانی ژیان و ژیاریی دانەبڕێین، چونکە زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەشەو گۆڕانەکانی کۆمەڵدا دەگۆڕێت و دەیەوێت وەڵامدەرەوەی پێویستییە ئێستاییەکانی ئاخێوەرەکانی بێت لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا: (کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابوری، کارگێڕی، زانستی، کولتووری،... هتد). جا بۆئەوەی زمان ئەو تواناو لێهاتووییەی هەبێت، کە بتوانێت بە خێرایی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ هەنگاو هەڵبگرێت، پێویستی بە پلانی ورد و زانستی و خەمخۆری و بژارکردن و خزمەتکردن هەیە.

کولتوورو شارستانییەت بەرهەمی کەڵەکەبووی هەزارساڵەی مرۆڤە، کە هەر نەوەیەک بە ئەندازەیەک(کەم بێت، یان زۆر) بۆی زیادکردووەو گواستویەتییەوە بۆ نەوەی دوای خۆی. زمان لەم نێوەندەدا ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی بینیوە، چونکە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە سەرمایەی کولتوورو شارستانییەت دەگوازێتەوە، زمانیش(بە هەموو جۆرەکانییەوە) تاکە ئامرازی کاریگەریی پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردنە. لێرەوە هاوکێشەیەکی تەواوکاری لە نێوان هەریەک لە: (زمان، پەیوەندیکردن، پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن، گواستنەوەی کولتوورو شارستانییەت)دا دروستدەبێت، بەجۆرێک بوونی هەریەکێکیان پەیوەستدەبێت بە بوونی ئەوەی پێش خۆیەوە. بەبێ بوونی زمان پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دروستنابێت، بەبێ پەیوەندیش پەروەردەو فێرکردن نایەتەئەنجام، بەبێ پەروەردەو فێرکردنیش گواستنەوەی میرات و کولتوورو شارستانییەت بۆ نەوەی پاشتر ڕێگەی تێناچێت. لەم ڕوانگەیەوە بوو، کە لە باسی پێشوودا گوتمان ئەگەر زمان لە کۆمەڵ بسەندرێتەوە چەرخی کۆمەڵایەتی لە جوڵە دەوەستێت و کولتوورو شارستانیەت لەناودەچێت و کۆمەڵگا بەرەو هەڵوەشاندنەوەو لەناوچوون دەڕوات و سەرەنجام ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان(سوودوەرگیراوە لە: باتنی: ٢٠١٢: ١٥-١٦).


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

### ٤/١) زمان و شوناسی نەتەوەیی:

هەر تاکێک، کە لەدایکدەبێت، دەبێت بە هەڵگری ناسنامەیەک، زمان یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردنی ناسنامەی ئەو تاکە، هەربۆیە لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە زمان بریتییە لە ناسنامەی نەتەوەو بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەگەزێکی گرنگە لە بنەماکانی دروستبوونی نەتەوەیەک. زۆربەی فەیلەسووفانی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم زمانیان وەک کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەیی داناوە، بۆ نموونە (هانس کۆهن) پێیوابوو زمان تەنها هۆکاری پێناسەی نەتەوەیی نییە، بگرە هەندێکجار سازکردنەوەو زیندوکردنەوەی زمانێک دەتوانێت ببێتە فاکتەری ڕەوایەتیبەخشین بە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی، کە لە ئارادایە(برزۆ:2017: 35). هەربۆیە زمان یەکێکە لە ئاماژە گرنگەکانی شوناسی نەتەوەیی، هاوکات پەیوەندییەکی پتەوو تێکچڕژاویش لە نێوانیاندا هەیە.

بە درێژایی مێژوو لە کاتی داگیرکاریدا وڵاتی داگیرکار کاتێک هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەیەکی دابێت، زمانی وەک ڕەگەزێکی هەرە سەرەکیی ئەم بابەتە بینیوە، چونکە لایەنی داگیرکار ئەو ڕاستییەی باش زانیوە، کە داگیرکردنی زمان زاڵبوونە بەسەر شوناس و ڕەسەنایەتیی کایە جیاوازەکانی لایەنی داگیرکراودا. زمان هێمای شوناسێکی سەربەخۆیە، کاتێک شوناسێکی سەربەخۆش بوونی هەبێت، ئەوە لایەنی داگیرکراو کەمتر خۆی بەدەست ویستی دەسەڵاتی داگیرکەرەوە دەدات و لەڕێی زمانەوە بەربەرەکانی لەگەڵدا دەکات، بەڵام ئەگەر زمان بکەوێتەژێر هەژموونی داگیرکەرەوە، ئەوە پرۆسەی شوناس_سڕینەوە بەخێرایی بەڕێوەدەچێت و لایەنی داگیرکەریش لەڕێگەی زمانی داسەپاوی خۆیەوە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەقامگیردەکات و شوناسی خۆشی دەسەپێنێت.

ئەگەرچی بەردەوام دەسەڵاتی سیاسیی عەرەب و توورک و فارس لەسەر کوردان، بووەتەهۆی لاوازبوونی پێگەی کوردو زمانی کوردی لە زۆر شوێنی کوردنشین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی شانبەشانی هۆکارگەلێکی دیکە (پێشمەرگەو شاخ و ... هتد) بەشێک بووە لە فاکتەرە کاریگەرەکانی مانەوەو نەتوانەوەی گەلەکەمان لەناو ئەو نەتەوە سەردەستانەدا، بگرە هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکیش بووە، واتە بۆ ئێمەی کورد زمانەکەمان بووەتە سەنگەری بەرگری و مانەوەمان.

بۆ نموونە پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام لەو ناوچەیەی، کە بە نیمچە دوورگەی عەرەبی ناودەبرێت، چەندین گەل و نەتەوە دەژیان، کە عەرەب نەبوون و نەتەوەی تر بوون، بەڵام پاش پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن، کە لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە دەستی پێکرد، بە ماوەیەکی کەم ئەو نەتەوانە لەناو نەتەوەی عەرەبدا توانەوەو ئاسەواریان نەما، تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوان خۆیان بە نەتەوەی عەرەب دادەنێن و هاوهەستن لەگەڵیاندا. هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی توانەوەی ئەو نەتەوانەو لەناوچوونیان، ئەوەبوو، کە سەنگەری زمانیان بە ئاسانی


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

داگیرکرا، کە زمانیش داگیرکرا، ئیتر بەها نەتەواییەکانی دیکە ئەو نرخەیان نامێنێت، کە نەتەوەی پێبپارێزرێت(بڕوانە: تۆفیق: ٢٠٠٧: ٩-١٠).

کەواتە داگیرکردنی زمان داگیرکردنی بیرو کولتوورو شارستانییەتە. هەروەک چۆن ڕۆمانییەکان لە لایەنی سەربازییەوە گریکیان داگیرکرد، بەڵام لە ڕووی کولتوورو شارستانییەتەوە، پێچەوانەکەی ڕوویدا. ئەوەتا تا ئێستاش زمانانی ئەوروپی وەکو فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بەردەوام وشەو زاراوە لە کاریزو کانیاوی زمانی گریکییەوە دەخوازن.

## ٥/١) پلانی زمانی:

ئاشکرایە، کە کەس و کۆمەڵی سەرکەوتوو، چ لە ژیانی تایبەتیدا، یان لە ژیانی گشتیدا بێت، بۆئەوەی بە ئامانجە نزیک و دوورەکانی بگات، پێویستی بە دانانی بەرنامەو پلان هەیە. هاوکات پێویستی بە بەرچاوڕوونی و لێکدانەوەی هەموو ئەگەرەکان هەیە. بۆیە ناکرێت مرۆڤێک ئامانجی گەورەو بەرزی هەبێت، لە هەمانکاتدا کەسێکی نائاگا و بێپلان بێت، ناکرێت بەشێک، کۆلێژێک، زانکۆیەک، وەزارەتێک، حکومەتێک بیەوێت خزمەت بکات و جێپەنجەی خۆی لەسەر سیاسەتی گشتی نەخشبکات، لە بەرانبەریشدا هیچ پلان و بەرنامەیەکی دیارو ڕوونی نەبێت. بۆیە لەم دەلاقەیەوە پێویستە گرنگی بە پەیوەندی و پەیوەستەگیی نێوان (پلان و گرنگی پلان بۆ زمان) بدرێت.

### پلانی زمانی چییە؟

بریتییە لە هەوڵێکی درێژخایەن و بەردەوام و بەئاگایانەو ڕێگەپێدراوی دەسەڵات بۆ گۆڕینی ئەرکی زمان لە کۆمەڵگادا، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیکردن(Weinstein:1980:56).

زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ هەر هەوڵێک بەمەبەستی گۆڕینی فۆرمی زمان یاخود بەکارهێنانی(Spolsky:1998:66).

پلانی زمانی هەوڵێکی سیاسی دروست و ساخلەمە، کە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشێکی سیاسی_کۆمەڵایەتی دروستدەبێت و هەوڵدەدات ڕەوشی خودی زمان لە وڵاتێکی یەکزمانی بگۆڕێت. وێڕای ئەمەش، پلانی زمانی چالاکییەکی حکومی و جەماوەرییە بۆ هەڵبژاردنی زارێک لە زارەکانی زمانی نەتەوە، هەروەها پەرەپێدانی زمانێکی کارگێڕی یەکگرتوو. هەوڵی پلانی زمانی هەردوو شێوازەکەی زمان دەگرێتەوە: نووسین و ئاخاوتن(ناوخۆش: ٢٠١٢: ١٦٠).

### کێ دەتوانێت پلانی زمانی دابنێت، یاخود کاریگەریی لەسەر دۆخ و شێوەی پلانی زمانی هەبێت؟

هەموو جۆرە خەڵکێک دەتوانێت لە پرۆسەکەدا بەشداربێت، بەڵام بە پلەی یەکەم ئەم ئەرکە دەکەوێتەسەر لایەنی حکومی، کە بەرپرسیارە لەوەی زۆرترین توێژینەوە لە بواری پلانی زمانیدا ئەنجامبدات و زمانە فەرمی و نەتەوەییەکان هەڵبژێرێت و بڕیار لەسەر ناساندن و پاراستنیان بدات. هەروەها لایەنی ناحوکمی، کە ئەمیش گروپە پیشەیی و بازرگانییە ناحوکمییەکان دەگرێتەوە، وەک ژوری بازرگانی و کۆمپانیا گەورەکان، کە دەتوانن لە شوێنی کارکردندا کاریگەربن بەسەر زمانەوە، یاخود تاقیکردنەوەی زمان بەکاربهێنن وەک بەشێک لە پرۆسەی دامەزراندنی کارمەند.

بەدەر لە لایەنی حکومی و ناحوکمی کەسانی تریش دەتوانێت لەم بوارەدا ڕۆڵببینن، وەک پسپۆڕانی زمان، فەرهەنگسازەکان، نووسەرەکان، پەروەردەکارەکان، ئەوانەی کاری چاپکردن و بڵاوکردنەوە دەکەن، گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکان، هەر تاکێکی دیکە(Herk:2012:168–169).

**بۆچی پێویستمان بە پلانی زمانییە؟**

1- بۆ ڕێکخستن و ئیدارەدانی فرەزمانی: ژمارەی زمانەکان لە ژمارەی وڵاتەکان زۆر زیاترە. کەمتر لە (200) وڵات بوونی هەیە، بەڵام "(6000–7000) زمان لە جیهاندا هەیە"(محەمەد: 2016: 48). تەنها لە وڵاتێکی وەکو هندستاندا دەیەها زمان بوونی هەیە، ئایا دەکرێت هەموویان، یان زۆربەیان فەرمی بن و لە ناوەندە فەرمییەکاندا بەکاربهێنرێن؟!

2- بۆ ڕێگەگرتن لە بەرەوپێشچوونی زمان: ئەم خاڵە ئەو زمانانە دەگرێتەوە، کە لەڕووی سیاسییەوە بێت، یاخود ئاینییەوە قبوڵکراو نین و بەکارهێنانیان لە ناوەندە فەرمییەکاندا ڕێگەپێدراو نییە، بۆ نموونە ڕژێمی پێشووی بەعس لە عێراقدا هەموو هەوڵێکی بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی زمانی کوردی بوو.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مەرج نییە پلانی زمانی هەمیشە بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی زمان بێت، بەڵکو دەکرێت بۆ ڕێگەگرتن بێت لە بەرەوپێشچوونی زمان، ئەمەش بە تایبەت لە نەتەوە فرە زمانییەکاندا دەبینرێت، یاخود لەو وڵاتانەدا، کە چەند نەتەوەیەکی جیاوازی تێدا دەژیت.

**ئایا پلانی زمانی ئامانجەکانی بەدیدەهێنێت؟**

دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو نموونە بهێنینەوە: لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا وڵاتی تورکیا توانی بە سەرکەوتوویی ڕێنووسی زمانەکەی لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی بگۆڕێت، ئەمەش وەک بەشێک لە بزافێکی گەورە بوو بەرەو ئاراستەی ئەوروپا. بە درێژایی سەدەی بیستەم عیبری لە زمانێکی ئاینییەوە گۆڕدرا بۆ زمانێکی نەتەوەیی ئیسرائیلی(Herk:2012:171).


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

پلانی زمانی* قۆناغی کردەیی سیاسەتی زمانییە، سیاسەتی زمانیش "کۆی ئەو ڕێگایانەیە، کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگیرێنەبەر"(کالفی: 2012: 152). کەواتە سیاسەتی زمانی قۆناغێکی پێش پلانی زمانییەو جێبەجێکردنی پلانی زمانی لەسەر بنەمای شەنگەستەکانی سیاسەتی زمانی دەبێت. بەڵام دەگونجێت هەندێکجار سیاسەتی زمانی لە پلانی زمانییەوە سەرچاوەبگرێت، واتە هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەمەش بە تایبەت لە کۆمەڵگای فرەزمانیدا دەبێت، لێرەشدا سوودوەردەگیرێت لە بۆچوون و تێڕوانینی زانایانی زانستی زمانەوانی و کۆمەڵناسی، کە بایەخ بە زمانی نەتەوەیی دەدەن و بە شێوازێکی زانستییانەو بە پشتبەستن بە پلانێکی تۆکمەی زمانی، سیاسەتی زمانی دادەڕێژن(بڕوانە: محەمەد:2016: 46-47).

## بەشی دووەم: هەنگاوەکانی پاراستنی زمانی کوردی*

بۆئەوەی ئێمە وەک نەتەوەیەکی کاریگەری ناوچەکەو خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزو خودان مێژوویەکی پڕ لە خوێن بەخشین، هاوکات وەک نەتەوەیەکی دێرینی بێکیان لەسەر ماڵومولْک و ئاخی خۆمان بمێنینەوە، هەروەک چۆن لە واقعدا پێویستمان بە یەکڕیزی و تەبایی و هاوخەباتی هەیە، لەڕووی زمانیشەوە پێوستمان بە هەڵگرتنی چەند هەنگاوێکی گرنگ و پێویست لە بوارو کایەی جیاوازدا هەیە، تاوەکو زمانەکەمان ببێتە سەنگەری مانەوەو بەردەوامیمان. دەکرێت هەنگاوەکان بکەین بە دوو جۆرەوە: هەنگاوە دەرەکییەکان و هەنگاوە ناوەکییەکان.

### ١/٢) هەنگاوە دەرەکییەکان:

١- بەستن و گرێدانی کۆنگرەیەکی زمانەوانیی فراوان، بە بەشداری کەسانی ئەکادیمی و بەئەزموون و شارەزا لە بواری زمانەوانی و مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ... هتد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان، هاوکات میوانداریکردنی خەڵکانی پسپۆڕ لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان، بۆئەوەی بتوانرێت زمانی کوردی و ناسنامەی زمانی کوردی لە هەموو ڕوویەوەکەوە شەنوکەو بکرێت و لەبێژنگ بدرێت و زیوان و سەرکۆزەری لێبگیرێت. دواتر مادده بێژراوەکە/ پاڵفتەکراوەکە بکرێتە دوو توێی کتێبێکەوەو وەربگێڕدرێتە سەر چەندین زمانی زیندووی جیهانی، بۆئەوەی زمانی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە بناسێنرێت و ناسنامەی ڕاستەقینەی دەربخرێت.

---

* بۆ زانیاری دەربارەی جۆرەکانی پلانی زمانی، ئامانجەکانی پلانی زمانی، ئایدیۆلۆژییەکانی پلانی زمانی، شێوازو میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی زمانی، بڕوانە: (ناوخۆش: 2010: 51-62)، (محەمەد: 2016: 45_56)، (Spolsky:1998:66-78)، (Herk:2012:167-174).

* لەم بەشەدا بە شێوەیەکی گشتی هەوڵدراوە، گرنگترین ئەو هەنگاوانەی، کە پێویستن بۆ پاراستنی زمانی کوردی بخرێنەڕوو، کە بە بڕوای توێژەران هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە پلانێکی گرنگ و پێویست و هەنوکەیین، بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە خۆرەو ژەنگی ناوخۆیی و هاوکات هەژموونی دەرەکییش. بۆیە لەم بەشەدا، کە بەشی کارەکیی توێژینەوەکەمانە، ئەوەی زیاتر دەبینرێت، بیروبۆچوونی توێژەرانە، کە خۆی لە چەند هەنگاوێکدا دەبینێتەوە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا سوود لە چەند سەرچاوەیەک بینراوە، کە ئەمانەن: ١- (تۆفیق: ٢٠٠٧)، ٢- (ناوخۆش: 2010)، ٣- (محەمەد: ٢٠١٧).


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

٢- مامەڵەكردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ لایەنە حكومی و ناحكومییەكانی دەرەوە بە زمانی كوردی بێت (گەر لە دەرەوەی كوردستانیش ئەمە نەكرێت، پێویستە لە ناوخۆی كوردستاندا بكرێت). هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی ناساندنی زمانی كوردی بە خەڵكانی دەرەوە، هاوكات فاكتەرێكیشە بۆ نەشونماكرن و گەشەو گۆڕان لە زمانەكەماندا.

٣- هەوڵدان بۆ وەرگرتنی چەندین كورسی خوێندنی باڵا لە زانكۆ بەناوبانگەكانی جیهان، بە تایبەت ئەو كۆلێژانەی كە پەیوەستن بە (خوێندنی زمانانی بیانی و لێكۆڵینەوە لە زمان و ئەدەبی گەلانی جیاواز)، لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە. ئەمەش بە مەبەستی دروستكردنی پەیوەندی لە نێوان ئەو زانكۆو كۆلێژانەو خەڵكە پسپۆڕو ئەكادیمییەكانیان لەگەڵ ئەوانەی كوردستاندا، بۆئەوەی خزمەتی زیاتری زمانی كوردی بكرێت، بە تایبەت لەبواری توێژینەوەدا، چونكە توێژینەوەو كنەوپشكنین لە ئاست و بوارە جیاوازەكانی زماندا، بۆخۆی خزمەتێكی گەورەیە بە ئاراستەی بەزیندووهێشتنەوەو دەرخستنی تایبەتمەندییەكانی زمان.

٤- هەوڵدانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆ كردنەوەی بەشی زمانی كوردی لە زانكۆكانی دەرەوەی سنووری هەرێمی كوردستان و ناوچەكەو جیهاندا. ئەمەش بێگومان بۆ ناساندنی زمان و نەتەوەی كورد بە دەرەوە، هاوكات خزمەتكردنی زمانەكە كارێكی گرنگ و پێویستە. ئەم هەوڵە گەر بۆ ئێمە هەنگاوێكی نەنراو و نوێ بێت، ئەوا بۆ میللەتانی دیكە كارێكی كردەییەو دەمێكە لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە.

## ٢/٢) هەنگاوە ناوەكییەكان:

هەروەك چۆن لە هەنگاوە دەرەكییەكاندا چەند خاڵێكی گرنگ و جێی بایەخمان خستەڕوو، كە دەبنە فاكتەری گەشەو گۆڕان و بەزیندووهێشتنەوەی زمانەكەمان، بە هەمانشێوە لەناوخۆشدا هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەسەر بنەمای پلانێكی وردی زانستیی دورمەودا، بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە گرنگ و پێویستن. لەلایەكی دیكەوە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە زمانی كوردی لە هەژموونی زمانە بەهێزەكان و شەپۆلی وشەی بێگانە بە هۆی جیهانگیرییەوە دەپارێزێت. لێرەدا، كە دەڵێین شەپۆلی وشەی بێگانە، بەو واتایە نا، كە ڕێگری لە هاتنەناوەوەی وشەی بێگانە بۆناو زمانی كوردی بكرێت، چونكە ئەمە كاری كردە نییەو دەشبێتە هۆی لاوازی و بێپێزی زمانەكەمان، بەڵكو مەبەستەكە ئەوەیە، كە هاتنی وشەی بێگانە پێویستە لەسەر بنەمای پلانی زمانی و بەپێی پێویستی بێت، واتە وشەكان لە دەرگاوە بێن، نەك هەر دەرچەیەكیان بۆ ڕێككەوت خۆیان بكەن بە زمانەكەماندا. لای هەمووان ئاشكرایە، كە پێشكەوتنی زانست و تەكنەلۆژیاو دروستكردنی شتومەك و كەلوپەلی نوێ وایكردووە، كە بازارەكانی ئێمە لە هەموو ڕوویەكەوە بتەنرێت، بێگومان زۆربەی زۆری ئەو كاڵایانەش بە ناوەكانیانەوە

دێنەناو زمانەکەمانەوە، بۆیە پێویستە ئەو وشەو زاراوەو دەربڕاوە نوێیانەی، کە لە زمانێکی ترەوە دێن، بە فلتەری زمانی کوردیدا بڕۆن و بخرێنە ژێرباری یاسا (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی، سیمانتیکی، ڕێنووسی)یەکانی زمانەکەمانەوە. هەربۆیە لەم گۆشەیەوە ئەم توێژینەوەیە بە گرنکی دەزانێت، کە لایەنی پەیوەندیدار: (حکومی، ئەکادیمی، زانکۆکان، ڕۆشنبیرەکان، ...هتد) ئەم هەنگاوانە هەلگرن، یاخود یارمەتیدەرو پشتیوان و هاندەری ئەو خەڵکانە (حکومی، ناحکومی) بن، کە دەیانەوێت ئەم هەنگاوانە بنێن.

### ٢/٢-1) دامەزراندنی دەزگایەکی ئەکادیمیی*:

١- دەسەڵاتی سەربەخۆی بڕیاردان و دارایی و چاودێری هەبێت.

٢- بڕیارەکانی ببنە بڕیاری پابەند(مولزەم) بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

گرنگترین کارەکانی ئەم دامەزراوەیە بریتی دەبن لە:

أ- ڕۆنان و داتاشینی زاراوە بۆ بوارە جیاوازەکان.

ب- توێژینەوەی زانستی لەسەرجەم بوارەکانی زمانی کوردی.

پ- ساغکردنەوەو نەخشاندنی سنووری جوگرافی زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردی و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیان. هەروەها دروستکردنی ئەتلەسێکی زمانەوانیی گەورە بۆ زاروشێوەزارەکان لەسەر بنەمای تیۆرو ڕێبازە نوێیە زمانەوانییەکانی ئێستاو خستنەڕووی زانیارییەکان بە داتاو بەڵگەی بێچەندوچوون.

ت- یەکلاییکردنەوەو ناساندنی یەکێک لەزار/ شێوەزارەکانی زمانی کوردی وەک زمانی دیوانی و ستاندارد، چونکە بوونی زمانی فەرمی بەواتای بوونی مەرجەعێکی زمانی دێت، کە خەڵکی لە بوارە فەرمییەکاندا بەکاریبهێنێت.

ج- دانان و ئامادەکردنی وشەنامەی (کوردی_کوردی) لەسەرشێوەی وشەنامەی (ئۆکسفۆرد)ی ئینگلیزی و (دودن)ی ئەڵمانی.

### ٢/٢-٢) بەکارهێنانی زمانی ستانداردی کوردی لە بوارە جیاوازەکاندا*:

* هەرچەندە لە ئێستادا دەزگای (ئەکادیمیای کوردی) هەیەو کۆمەڵێک پسپۆڕی بوارە جیاوازەکانی:(زمان، ئەدەب، مێژوو،...هتد) کاریتێدادەکەن، بەڵام ئەم دەزگایە لە ئاستی چاوەڕوانی ئێمەدا نییەو پێمانوایە پێویستە دەزگایەکی ئەکادیمی بەو تایبەتمەندییانەی، کە ئاماژەمان پێیانداوە، خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی بکەن.

* لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕێکەوتی (٢٩/١٠/٢٠١٤) یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن (پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق)ەوە دەرچووەو بەپێی بڕیاری ژمارە (16)ی ساڵی (2014) لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە پەسەندکراوە، کە بەپێی ئەم یاسایە زمانی کوردی زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانەو پێویستە لەسەرجەم دەزگاو کایە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت، لەوانە: (سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەری، پەیوەندییە فەرمییەکان، پەروەردە، خوێندنی باڵا، ڕاگەیاندن، بۆندە بازرگانییەکان، تابلۆ، ...هتد). کەواتە لەڕووی یاساییەوە


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**١- ڕاگەیاندن:** سەرجەم جۆرەکانی: (بینراو، بیستراو، خوێنراو، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان).

**٢- پەروەردە:** (پرۆگرامەکانی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە بۆ خوێندنی باڵا).

**٣- کارگێڕی و بەڕێوەبردن:** (سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان، دادگاکان، سەرجەم دامەزراوە حکومییەکان).

**٤- بازرگانی و ئابووری:** (کەلوپەلە هاوردەو نێرراوەکان، بۆندە بازرگانییەکان، مامەڵە ئابورییەکان، دراو، پول و ڕەسمە ئابوری و داراییەکان، باج و ڕسوماتەکان، تابلۆی ئوتومبێلەکان، ... هتد).

**٥- بازاڕگەریی:** لێرەدا مەبەست لە بەکارهێنانی زمانی ستانداردی کوردییە لەسەر تابلۆی دوکان و ئەو شوێنانەی، کە کڕین و فرۆشتنیان تێدا دەکرێت، هەروەها لە ڕیکلام و ئەو پروپاگەندانەی، کە بۆ کاڵاکان دەکرێن، بە ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی. ئەوەی ئێستا لەم بوارەدا دەبینرێت، لە هەڕەمەکێتی و شێواندنی زمانی کوردی زیاتر، شتێکی تر نییە.

**٦- گەشتیاریی:** بەکارهێنانی زمانی ستانداردی کوردی لەسەرجەم شوێنە گەشتیارییەکان و دەرکردنی ڕێبەرنامەی گەشتیاری بە زمانی کوردی، هاوکات ناساندنی زمان و کولتوورو مێژووی کورد بە گەشتیارەکان.

## ٣-٢/٢) بواری وەرگێڕان:

دروستکردن و دانانی ناوەندێکی تایبەت بە کاری وەرگێڕان، کە ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت:

١- بوودجەیەکی کراوەی لەبەردەستدا بێت.

٢- کەسانی شارەزاو بەتوانا لە زمانە زیندووەکانی جیهان لەم دامەزراوەیەدا کاربکەن و سەرچاوەو بابەتی نوێ بەپێی پسپۆڕی و زانستە جیاوازەکان بۆ زمانی کوردی وەربگێڕن.

٣- ئەم ناوەندە فلتەری زمانەوانی و زانستی بۆ بەرهەمی وەرگێڕراو لەڕووی چۆنایەتییەوە هەبێت، واتە وەرگێڕانی بەرهەم بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و لەخۆوە نەبێت، بەڵکو بەپێی چەند پێودانگێک بێت.

## ٤-٢/٢) بواری بازرگانی و ئابوریی:

١- سەرجەم بازرگانەکان بە خۆماڵی و بیانییەوە پێویستە ناچاربکرێن، لە ڕوونکردنەوەو بانگەشەکردن بۆ کاڵاکانیان زمانی کوردی بەکاربهێنن. پێویستە ئەو ڕوونکردنەوانەی سەبارەت بە (چۆنییەتی بەکارهێنان و کوالیتی

---

زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکراوە، بەڵام لە واقعدا ئەم یاسایە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو لە دامودەزگا فەرمییەکاندا کاری پێنەکراوە.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

و ... هتد)ی بەرهەمەکانیان لەسەر ڕووپۆشی کاڵاکانیان دەینووسن، یاخود بە ڕێنامەیەک لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا بڵاویدەکەنەوە، بە زمانی کوردییش بێت.

٢- ناچارکردنی کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە، بیناسازی، جلوبەرگ، خۆراک، ...هتد، بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سەرجەم چالاکییەکانیاندا.

٣- لە بواری پرۆگرامسازیدا پێویستە لە بەرنامەی نەرم(Software)ی سەرجەم کەرەسە تەکنەلۆژییە نوێیەکان، وەک: (کۆمپیوتەر، مۆبایل، تەلەفزیۆن، سەتەلایت، ئامێرە تاقیگەییەکان، ... هتد)دا زمانی کوردی لەپاڵ زمانەکانی تردا بەرنامەڕێژ بکرێت.

## ٥-٢/٢) بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا:

١- بە کوردیکردنی زمانی خوێندنی سەرجەم دامودەزگا پەروەردەییەکان و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٢- ڕێگەنەدان بە خوێندنی زمانی بێگانە تا قۆناغی سێی بنەڕەتی (سێ ساڵی سەرەتای خوێندنی منداڵ)و هەوڵدان بۆ خوێندن و فێرکردنی زمانی دایک و گۆشکردنی بیروهۆشی منداڵ بە زمانی دایکی (کە زمانی کوردییە) لەو قۆناغەدا، چونکە منداڵ پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی چ زمانێک بێت، ئەوا بەو زمانە بیردەکاتەوە، بۆ نموونە منداڵێکی کورد لە خوێندنگەیەکی تورکیدا لەبەرئەوەی پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی (واتە ئەو زمانەی، کە پاشخانەکەی پێدروستدەکات) زمانی تورکییە، ئەوا بیرکردنەوەیەکی تورکییانەی دەبێت، با زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەشی زمانی کوردی بێت. هەر لەم ڕووەوە زانایەکی وەک (ورف) پێیوابووە: "زمان کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر مرۆڤ بۆ جیهانبینی هەیەو تەنها هۆیەک نییە بۆ دەربڕینی بیر بەکاربێت، بەڵکو زمان سنووری توانای مرۆڤ بۆ قسەکردن و بیرکردنەوەش دادەنێت"(محەمەد: ٢٠١٦: ١٥). ئێمە نابێت زمان تەنها وەک وەسیلەی گەیاندنی بیر، یاخود وەک ئامرازی قسەکردن تەماشابکەین، بەڵکو زمان زۆر لەوە فراوانترەو توند بەستراوە بە ئاوەزو هۆش و بیرکردنەوە و دنیابینی مرۆڤەوە بۆ جیهانی دەوروبەری. لە هەناوی زمانێکی وەک کوردیدا، دنیابینی و لۆژیکی مرۆڤی کوردو چۆنییەتی ڕوانینی بۆ دەوروبەرو واقع و ژیان بە گشتی و چەمکە جیاوازەکانی بوارە جیاوازەکان هەڵگیراوەو وشەو فرێزو دەربڕاوەکانی زمان پێمان دەڵێن باوباپیرانمان چۆن لە مانەیان ڕوانیوەو چۆن وێنایان کردوون. هەربۆیە "تیۆرییە بەناوبانگەکەی (ساپیر_ورف)، کە بە (گریمانەی ساپیر_ورف) بەناوبانگە، جەخت لەوە دەکاتەوە وشە دەربڕاوەکان، کە پەیوەندییەکانیان بۆ تێگەیشتن لە جیهان بەکاردەهێنین، لە بنەڕەتدا لە زمانی دایکمانەوەیە. بۆیە ئەوانەی بە زمانی جیاواز دەئاخێون، بە شێوەی جیاواز لە جیهان دەگەن و تێگەیشتنی جیاوازیشیان بۆ دەوروبەرو سرووشت و جیهان دەبێت"(سەرچاوەی پێشوو:15-16).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

٣- ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی دوو دیالێکتی جیاواز لە بواری پەروەردەدا، چونکە لە کۆتاییدا بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات، کە زمانی پەروەردەی باشوری کوردستان ببێتە دوو زمانی دیفاکتۆ. وەک چۆن لە ئێستادا لە بواری کارگێڕی و جوگرافیدا دوو سنووری دیفاکتۆو دوو حکومەتی دیفاکتۆی جیاوازمان هەیە.

٤- دامەزراندن و کردنەوەی سەنتەری زمانی لە زانکۆکان، یان هەرناوەندێکی دیکە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بەو خەڵکە بیانییانەی، کە هاتوونەتە کوردستان و دەیانەوێت بۆ ماوەیەکی درێژ تیایدا بمێننەوە، لە نموونەی خاوەن کارەکان، کرێکارەکان، ڕۆژنامەنووسەکان، ئاوارەکان، ...هتد. پێویستە ئەمە یەکێک بێت لە مەرجەکانی مانەوەی ئەو جۆرە خەڵکانە لە کوردستاندا، نەک خستنەبەرخوێندنیان بە زمانی خۆیان هەروەک چۆن لە ئێستادا بۆ ئاوارە عەرەبەکان دەکرێت.

٥- دانانی پلانێکی تۆکمەی زانستی لەسەر بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی و پارێزگاریکردن لە زمانەکەمان، بۆ ڕێکخستنەوەی سەرجەم ئەو خوێندنگا ئەهلییانەی، کە لە ئێستادا لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن و ساڵانە بە بڕە پارەیەکی زۆر زمان و کولتوورو بیرکردنەوەی خۆیان بە منداڵانی کورد دەدەن. بێگومان ئەم جۆرە خوێندنگایانە لایەنی ئەرێنیان زۆرە، بەڵام ناکرێت لایەنی ئەرێنی ئەم خوێندنگایانە ببێتە پاساوی ئەوەی، کە لە پاشەڕۆژدا زمانی کوردی بۆ دەرچووی ئەمجۆرە خوێندنگایانە ببێتە زمانی بێگانەو زمانی دووەم و سێیەم، ئەمجۆرە زمانانەش وەک خانەخوێ مامەڵە بکەن و زمانی کوردییش میوان بێت، چونکە وەک پێشتر ڕوونمانکردەوە زمانی پەروەردەی منداڵ هەر زمانێک بێت، ئەوا لە داهاتوودا بەو زمانەش بیردەکاتەوە.

## ٦-٢/٢) بواری کارگێڕیی و بەڕێوەبردن:

بواری کارگێڕیی و بەڕێوەبردن بوارێکی فراوانەو دەتوانرێت وەک بەشەمەودایەکی گرنگ بۆ گەشەکردن و چەسپاندن و بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی بەکاربهێنرێت، بە تایبەت لەڕووی چالاککردن و بەکارهێنانی زمانی ستاندارد لەم بوارەدا، چونکە ئەوە ئاشکرایە، کە ئەم بوارە بەریەککەوتنێکی ڕاستەوخۆو بەردەوامی لەگەڵ ئاخێوەران و بەکارهێنەرانی زماندا هەیەو ڕۆژانە مرۆڤەکان بۆ ڕایکردنی کاروبارەکانیان پێویستیان بە دامەزراوەو فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت دەبێت. بۆیە گرنگترین ئەو هەنگاوانەی، کە لەم بوارەدا ئێمە بە پێویستی دەزانین بنرێن، بریتین لە:

١- بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی یەکەم لەسەرجەم دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتدا، چونکە ئەوەی ئێستا لە هەندێک دامەزراوەدا دەبینرێت، بەو جۆرە نییە، بۆ نموونە دامەزراوەیەکی نیشتمانی و گرنگی وەک


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

پەرلەمان زمانی یەکەمی لە دەرکردنی بڕیارو ڕاسپاردەو پرۆژەیاساکاندا زمانی عەرەبییە، دواتر هەوڵی وەرگێڕانیان بۆسەر زمانی کوردی دەدەن*.

٢- بەکارهێنانی یەک شێوەزاری سەرەکی وەک زمانی ستاندارد لە نووسراوی سەرجەم دامەزراوەو فەرمانگاکانی حکومەتدا، نەک بەکارهێنانی دوو شێوەزاری دوو زاری جیاوازی زمانی کوردی، کە ئەمەش لە کۆتاییدا پەرتەوازەیی و دولەتبوونی زمانی کوردی ئەنجامەکەی دەبێت.

٣- چالاککردنی دەسەڵاتی دادگاکان بەرانبەر ئەو کەس و گروپ و لایەنانەی، کە بوونەتە لەمپەری بەردەم گەشەسەندن و بوژانەوەو خزمەتکردنی زمانی کوردی. پێویستە هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادگاکاندا هەبێت بۆ دەرکردنی بڕیارو ڕاسپاردەی پێویست سەبارەت بە پلانی زمانی و پاراستنی ئاسایشی زمانی. لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بە هاوکاری دەسەڵات و هێزی یاسایی، هەوڵی پاراستنی سنوورەکانی زمانی کوردی و بەکارهێنانی دروستی زمانی کوردی بدرێت.

### ٧-٢/٢) بواری فەرهەنگ و کولتوورو ڕۆشنبیریی:

ئەم بوارە، یەکێکە لەو مەیدان و کایە گرنگانەی، کە وەک پێوەرێک وایە بۆ ناسینەوەی میللەتانی هۆشیارو پێشکەوتوو و لەبەرانبەر میللەتانی دواکەوتوودا، هەربۆیە وڵاتی پێشکەوتوو گرنگییەکی زۆر بە لایەنی کولتوورو فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی نەتەوەکەیان دەدەن و لەم بوارەشدا خزمەتێکی بەرچاوی زمانەکەیان دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێمانوایە بۆئەوەی زمانەکەمان وەک زمانێکی بەهێز بمێنێتەوەو بتوانێت لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا خۆی ڕابگرێت و شوێنپێی خۆی قایمبکات، پێویستە هەوڵبدرێت زمانی کوردی لە سەرجەم کایە جیاوازەکانی ڕۆشنبیریدا بەکاربهێنرێت و بە گرنگەوە لێی بڕوانرێت. هەر پەیوەست بەم بوارەوە بە پێویست دەزانرێت گرنگییەکی زۆر بە بەڕێوەبردنی فیستڤاڵ و بۆنە تایبەتەکانی نەتەوەکەمان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش بدرێت، هاوکات کۆڕو سیمینار لەسەر کولتوورو مێژوو و دابونەریت و چۆنییەتی ژیانکردنی نەتەوەی کورد بۆ هاونیشتیمانیان و خەڵکانی دەرەکیش ئەنجامبدرێت، بۆئەوەی کولتوورو مێژوو و زمان و ژیاریی کورد بناسرێت و ئاشنابێت بۆ خەڵکی. لەلایەکی دیکەوە ڕێکخستنی کۆڕو سیمینارو کۆنفرانس لەسەر ئاستی زانکۆو ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە

* هەرچەندە لە ئێستادا هەندێک لە پرۆژەیاساکان بە زمانی کوردی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێن، بەڵام ئەم هەوڵانە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی بەس نین، چونکە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامەزراوەیەکی گرنگی وەک پەرلەماندا، وادەکات کە زمانی کوردی هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێت و لە بوارە جیاوازەکاندا وشەو زاراوەی نوێی بۆ دروستبێت و زەنگین و دەوڵەمەندبێت، کە ئەمەش بێگومان لە کۆتاییدا دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەری مانەوەو لەناونەچوونی زمانەکەمان.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پرۆسەکانی قسەکردن، نووسین، خوێندنەوە،... هتد بە پێویست دەزانرێت. لەم ڕووەوە پێویستە هەڵمەتێکی نیشتمانیی فراوان بۆ دروستکردنی هەستی خۆشویستنی زمان و نەتەوەو کولتووری کوردی لەلای هاونیشتمانی کورد، ڕێکبخرێت، نەک بەپێچەوانەوە ئەوەی دەبینرێت و درکیپێدەکرێت لە ئێستادا بریتییە لە خۆبەکەمزانین و هەستی بێدەسەڵاتیی زمانی کوردی لە ئاست زانست و فەلسەفەو هزرکردن و ... هتد، کە ئەمەش بۆچوون و هەستێکی نالۆژیکانەیەو لەڕاستیدا تۆوی ئەمجۆرە هەستە دوژمنانی کورد وەشاندویانەو هەندێک دەسەڵاتدارو سیاسەتوان و خاوەن قەڵەمی کورد خۆشی، ئاویان داوەو بژاریان کردووەو خزمەتیانکردووە بۆ گەشەکردنی، بەڵام ئەوەی زمانەوانیی نوێ پێی گەیشتووە، ئەوەیە، کە مرۆڤەکان بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی، بیرکردنەوە، ڕەنگ، کولتوور، وڵات، ئایین، ... هتد خاوەن گەنجینەی زمانن و هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە پێشکەوتووترو باشتر نییە، مەگەر تەنها لەڕووی فەرهەنگ و ژمارەی وشەکانی زمانەوە فەرهەنگی زمانێک لە زمانێکی تر زەنگینتر بێت، ئەگینا لەڕووی یاسا دەنگسازی و سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکانەوە هیچ زمانێک لە زمانێکی تر گەشەسەندوترو پێشکەوتوتر نییە، بەڵکو هەموو زمانێک خاوەنی پێڕەوێکی چڕوئاڵۆزەو زمان بۆخۆی مۆدولێکی مێشکی مرۆڤە.

### ٨-٢/٢) بواری ڕاگەیاندن*

یەکێک لەو بوارە گرنگ و بەربڵاوانەی، کە بەشێوەیەکی چالاک زمان تیایدا بەکاردەهێنرێت، بریتییە لە بواری ڕاگەیاندن، جا هەر جۆرە ڕاگەیاندنێک بێت: (بینراو، بیستراو، خوێنراو، ... هتد). یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پەیوەندیکردن (لەپاڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا، کە بریتین لە: نێرەرو پەیام و وەرگر)، (کەناڵ)ە، کەناڵیش "ئەو ئامرازەیە، کە نێرەر پشتی پێدەبەستێت لە پێناو گەیاندنی پەیامەکەی. هەموو ئەو ئامرازانەی دەبنەهۆی گواستنەوەی زانیاری و ئاڵوگۆڕپێکردنی، دەچنەناو چوارچێوەی هۆیەکانی پەیوەندییەوە، جا ئامرازی بیستن بن وەک ڕادیۆ، یان بینراو بن وەک چاپکراو، یاخود بیستن و بینین بن وەک تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت"(بڕوانە: جراد: ٢٠١٣: ١٩). زۆر پێویستە پلانی تایبەتی زمانیمان بۆ ئەم کایە گرنگە هەبێت و بزانرێت زمان لەمەودا جیاوازەکانی ئەم بوارەدا چۆن کاردەکات و چۆن بەکاردەهێنرێت، چونکە ڕاگەیاندن لە ئێستادا بەشێکە لە ژیانی گشتی و تایبەتی زۆربەی تاکەکان. مرۆڤەکان بیانەوێت یان نا، ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگی ژیانیانی داگیرکردووە، لەماڵەوە، لەسەر کار، لە بازاڕ، لە فەرمانگەکان، لەنێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ... هتد. شاشەی تیڤییەکان، شەپۆلی ڕادیۆکان، ڕووپەڕو لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ... هتد بوونەتە بەشێکی دانەبڕاوی ژیان و مرۆڤەکان ناچارن بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ، بەدواداچوونی ڕووداوەکان، بەسەربردنی کاتەبەتاڵەکانیان، ... هتد یەکێک یان زیاتری سەرچاوەکانی

* بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پەیوەندیی نێوان (زمان و ڕاگەیاندن) بڕوانە: (جراد: ٢٠١٣)و ئەو سەرچاوانەی، کە لەوێدا بەکارهێنراون.

وەرگرتنی زانیاری بەکاربهێنن. بێگومان ڕاگەیاندنیش لە ڕێگەی وەسیلەی جیاوازەوە پەیوەندی بە بینەرو گوێگر و خوێنەرانەوە دەکات. لەم ڕووەوە توێژەران مێژووی پەیوەندیکردن بۆ چوار قۆناغ دابەشدەکەن، کە ئەوانیش: "(زارەکی، بە نووسین، لەڕێگەی چاپکردنەوەو میدیای ئەلیکترۆنی)ن، لەهەر چوار ماوەی پرۆسەکەدا زمان بەشێوەی جیاواز ڕۆڵی هەرە گرنگی هەبووە"(سەرچاوەی پێشوو: ١٣). کەواتە زمان ئامرازو وەسیلەی هەرە گرنگ و لەپێشینەی پەیوەندیکردنە لە هەمەموو قۆناغەکاندا، هەربۆیە پێویستە گرنگی زۆر بە دروستبەکارهێنانی زمان و گەیشتنی زمانێکی دروست و تەواو بە بینەرو بیسەران بدرێت، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی دروستی وشەو زاراوەو دەستەواژەو ڕستەو دەربڕاوەکانەوە دەبێت. بە پێچەوانەوە بەکارهێنانی وشەو زاراوەو دەستەواژەو ڕستەی نادروست (ڕێزمانی و واتایی)، دەبێتەهۆی تێکدانی زمان و بە نادروست گەیشتنی بە بەرانبەرو لە کۆتاییشدا بە نادروستبەکارهێنانی لەلایەن تاکی ئەو زمانەوە. لەم ڕووەوە گرنگە لایەنی پەیوەندیدار، کە بریتییە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە پلەی یەکەم، چاودێری وردی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکات و ڕێگە بە تێکدانی زمانەکەمان و بەکارهێنانی کەرەسەی نادروستی زمانی نەدات. بێگومان ئەمەش لەڕێگەی دروستکردنی لیژنەی تایبەتمەندیی زمانییەوە دەبێت، کە کاریان چاودێریکردنی ڕاگەیاندنەکان و دانانی فلتەری زمانەوانی دەبێت بۆ پاراستنی زمانەکەمان. لە ڕوانگەی گرنگی ڕاگەیاندن بۆ بەرەوپێشبردن و خزمەتکردنی زمان، هەڵگرتنی ئەم چەند هەنگاوەی خوارەوە لە بواری ڕاگەیاندندا، بە کارێکی باش و پێویست دەزانین:

١- دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکانی: (پەروەردە، خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیریی) بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە ڕاگەیاندنەکانداو چاودێریکردنی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێگەنەدان بە شێواندنی زمانەکەمان.

٢- پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ پێدانی مۆڵەتی کارکردن بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، پێویستی بکات لەسەریان، کە هەموویان(هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن) پسپۆڕی زمانەوانییان هەبێت، تا لەڕووی ڕێنووس و ڕێزمانی و خاڵبەندییەوە بەسەر هەموو بەرهەمێکی کەناڵەکەدا بچێتەوە، لە بەرانبەریشدا ڕێگە بە تێپەڕبوونی هیچ بەرهەمێک نەدرێت، کە ببێتە هۆی تێکدانی زمانی کوردیی.

٣- هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن(بینراو، بیستراو، خوێنراو، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان) پێویستە زاراوەکانیان یەکبخرێت و بەپێی زمانی فەرمیی کوردی بێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا دەبینرێت، هەرکەناڵێک سیاسەتی زمانیی خۆی هەیەو بەئارەزووی خۆی زاراوە وەردەگرێت و دایدەتاشێت و بەکاریدەهێنێت. لەم ڕووەوە بەسەیرکردنێکی ئاسایی و سەرپێیی هەست بەوە دەکرێت، کە بەکارهێنانی زمان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا لەسەر بنەمای (حیزب، ناوچە، شێوەزار، مەزاجی کەسی، ... هتد) لە برەودایە.

٤- لە ڕاگەیاندندا بە شێوەیەکی گشتی ڕێگە بە بەکارهێنانی دوو ڕێنووسی و دوو زاری/ شێوەزاری نەدرێت. هەروەک چۆن ئەمە بۆ بواری پەروەردەو خوێندنی باڵاو کارگێڕیش دروستە. تەنها لە حاڵەتی پێشکەشکردنی

هەندێک دراماو بەرنامەی ناوچەیی (کولتووری، هونەری،... هتد)دا نەبێت، ئەمەش لەپێناو پاراستنی زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی.

## ئەنجام

١- زمان ئەبزارێکی گرنگ و بنەڕەتییە بە دەست مرۆڤەوە، بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گواستنەوەی ژیارییە جیاوازەکان.

٢- زمان ناسنامەی نەتەوەیەو یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بوون و مانەوەی نەتەوە جیاوازەکان.

٣- پلانی زمانی کۆمەڵە هەنگاوو ڕێکارێکی گرنگ و پێویستن، بۆپاراستنی زمانی نەتەوەیی و دایک، لە هەژموونی زمانە بێگانەکان و پشتگوێخستنە ناوخۆییەکان.

٤- دارشتنی پلانی وردی زانستی لەپێناو پاراستن و خزمەتکردنی زمانەکەمان، زامنی بەزیندووهێشتنەوەی نەتەوەی کوردە.

٥- هەڵگرتنی هەنگاوەکانی پاراستنی زمانی کوردی، بە ڕەچاوکردنی پلانی زمانی، فاکتەرێکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە زمانی ستانداردو گەشەکردنی زمانی کوردی. لە کۆتاییشدا ڕزگارکردنی زمانەکەمانە لەو قەیران و گرفتانەی، کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی بووەتەوە.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

## سەرچاوەكان

### یەكەم/ كتێب

### أ- بە زمانی كوردی:

١- باتنی، محەمەد. (٢٠١٢)، چەند بابەتێكی زمانەوانیی نوێ، و: هێرش كەریم، چاپی یەكەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

2- باتنی، محەمەد. (٢٠١٥)، دەربارەی زمان، و: ئاكۆ عەبدوڵلا كەریم، چاپی یەكەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

3- تۆفیق، قەیس. (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەكەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

4- عەبدولڕەحمان، شیلان. (٢٠٠٩)، كارابوونی زمان لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا، چاپی یەكەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

5- عەلی و قادر، بەكر و شێركۆ. (٢٠٠٧)، زارو شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

6- كالفی، لویس جان. (2012)، شەڕی زمان و سیایەتی زمانەوانی، و: بەهادین جەلال، هەولێر.

7- ناوخۆش، سەلام. (٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی كوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

### ب- بە زمانی ئینگلیزی:

8- Herk, Gerard Van. (2012), What is Sociolinguistics? First edition, Blackwell.
9- Knapp, M.L. & Hall, J.A. (2002), Nonverbal Communication in Human Interaction, Crawfordsville, IN: Thomson Learning.
10- Spolsky, Bernard. (1998), Sociolingustics, First edition, Oxford University Press, New York.
11- Weinstein, Brian. (1980), Language planning in Francophone Africa, African Studies Association.

### دووەم/ نامەی زانكۆیی:

١- جراد، چۆلی. (٢٠١٣)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

2-حەمەغەریب، هێرۆ. (٢٠١٤)، یاساو ڕەنسییەكانی زمانی نووسین-لە ڕاگەیاندنی كوردیدا-، نامەی دكتۆرا، فاكوڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ سكوڵی زمان، زانكۆی سلێمانی.

3- فەرەج، شاخەوان. (٢٠١١)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان‌و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

4- محەمەد، هێژا.(٢٠١٦)، سەنگ و بەهای بیر لە یەکگرتنی ناولێنراو بە ناولێنەرەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**سێیەم/ گۆڤار:**

١- برزۆ، ئومێد. (٢٠16)، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٠)، بەشی B.

2- فەتاح، محەمەد. (١٩٨٦)، سنوورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٢).

3- محەمەد، دارا. (٢٠16)، زمانی کوردی لە نێوان سیاسەتی زمان و پلانی زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٠)، بەشی B.

4- محەمەد، دارا. (٢٠١٧)، جینۆسایدی زمان (زمانی کوردی بە نمونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت، کەلار _گەرمیان.

5- موحسین، بەهزاد. (٢٠٠٨)، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٩).

٦- ناوخۆش، سەلام. (٢٠١٢)، مێژووی زمانی کوردی - پلانی زمان - گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٤)، هەولێر.

# الخلاصة

هذا البحث المعنون بـ"التخطيط اللغوي والخطوات المتبعة للحفاظ على اللغة الكردية" هو محاولة لعرض بعض الخطوات الهامة والضرورية للحفاظ على اللغة الكردية. وبناء على ذلك، تم عرض التدابير ذات الصلة بالمحافظة على هذه اللغة مقابل هيمنة اللغات الأجنبية والتهميش الداخلي. يتم ذلك وفقًا لتخطيط اللغوي وعرض بعض الخطوات المهمة التي ينبغي اتخاذها.

يتكون البحث من مقدمة، وفصلين، والنتائج وقائمة المصادر على التوالي. ففي الفصل الأول، تم إلقاء الضوء على اللغة وعملية التواصل، اللغة والمجتمع، اللغة والحضارة، اللغة والهوية وأخيراً التخطيط اللغوي المتعلق بالأمن القومي. وفي الفصل الثاني الذي هو جوهر عملنا، تم عرض أهم الخطوات المتعلقة بالحفاظ على اللغة في إطار خطة علمية دقيقة.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper23 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

# Abstract

This research which is titled 'Language Planning and Steps to preserve Kurdish Language' is an attempt to introduce some important and necessary steps for preserving Kurdish Language. Accordingly, the measures relevant to preservation of the language from foreign language domination and domestic marginalization have been introduced. This is done in accordance with language planning as well as identification of some necessary actions to be taken.

The research is structured from an introduction, two chapters, results and the list of references respectively. In the first chapter, language and communication process, language and society, language and civilization, language and identity and finally, language plan and its link to national security have been illuminated. In the second chapter which is the core of our work, the most important steps relevant with preservation of the language in frame of a precise scientific plan have been presented.